# کەرکووک وخەونی ئاوەدانکردنەوە

ڕووناک شوانی
Runakshwani@yahoo.com



بەدڵخۆشییەکی زۆرەوە ، بڕیارمدا بگەڕێمەوە وسەردانێکی کەرکووکی قیبلەی ئەشق و لانەی منداڵیم بکەم . لە دڵی خۆمدا بە هەزاران خەون و خەیاڵی ڕەنگاوڕەنگم لا وێنا بوو. گەلێک خۆشە پاش دەیان ساڵ لە ژێر دەستەیی و تەعریب وهەزاران بەدبەختی کە بەسەر ئەم شارە و خەڵکە خۆڕاگرەکەیدا هات ، بە ئازادی بگەڕێیتەوە بۆ شارێک ،کە تائێستاش دوژمنانی کورد لە عەرەبە شۆڤینیستەکان و وتورکە کەمالیستەکان ، نەک تەنها دان بە کوردستانیەتیدا نانێن ، بەڵکو لە ململانێیەکی بێوچانداں، بۆ گۆڕینی ناسنامە ومێژوو وتەنانەت جوگرافیاکەشی، ئامادەشن بە هەموو شێوەیەک کار بۆ ئەو ئارمانە گلاوەیان بکەن و دیکیۆمێنتی ساختەی هەزاران ساڵ زیندوو بکەنەوە ، بەڵکو شتێکیان دەست بکەوێ و کوردیش ، وەک هەموو جارێ مایە پووچ دەرچێ .



بەو خەووخەیاڵەوە ، گەڕامەوە ،خۆزگە هەر نەگەڕامایەتەوە !! ئەو خەیاڵە خۆشەم لەخۆم نەشێوێندایە !!! بەپێی هەواڵەکانی ئاوەدانکردنەوە کە ڕۆژانە لە کەناڵە ئاسمانییەکانی کوردستانەوە، ئەیبینین و ئەیبیستین ، پێم وابوو ئێستا لە سایەی حکومەت و پەرلەمانی کوردستانەوە ، ئەگەرچی بەشێوەیەکی ناڕاستەوخۆش بووە هەر وەک چۆن جار جارە ، کاتێ کە هەڵبژاردنێک یان کارێکیان بەدەستەوەیە ، شیوەن بۆ کوردستانییەتی کەرکووک و خەڵکەکەی دەکەن ،هەرئاوهاش خەمی ئاوەدانکردنەوەی شاریانە !! خوا نەیبڕێ لق لە لایەک ومەڵبەند لە لایەکی دیەوە، شارەوانی لەلایەک و پارێزگاری کەرکووک لەلایەکی ترەوە، فەقیرانە هەر داهاتی ئەوانەو سواڵ وسەدەقەی ئەم لاو ئەولایە و حیسەی کەرکووکە، لە ئاوەدانکردنەوە خەرج ئەکرێ، یەک فلسیش لەوان حەرام بێت . گەندەڵی چی ؟؟ توخوا ئەوەی زەڕەیەک ویژدانی هەبێت ، چۆن دڵی دێ دزی لەو منداڵە بێنازە ئاوارانە و ئەو خەڵکە بێ ئیماکاناتە و ئەو شارە وێرانە بکات؟؟ ئەوە نییە قەڵای دێرینی شار بەجوانترین شێوە بنیاتنراوەتەوە، شوێنە مێژووییەکانی کراوە بە مۆزەخانە . گەڕەکەکانی ئازادی و ڕەحیم ئاواو ئیمام قاسم و بڵاخ ، ناسنامەی خۆیان بۆ گەڕاوەتەوەوشێوەی مۆدێرنیان پێدراوە ( ماشەڵا، وەڵا لەناو چڵکاو مەلە ئەکەن ) . شەقامەکان ،هەموو ئەوەندە بەباشی وێران کراون (ببورن) قیرتاوکراون تۆپیش هەڵیان ناتەکێنێ ، شەقام نەماوە لەو کەرکووکە حەیاتە هەڵنەکەنرێ و نەکرێ بە( ..... ). ئەوە نییە شەقامی دێرینی جمهوری کە بە شەقامی





دوکتۆرەکان ناسراوە ، پاک کراوەتەوە و گۆلاوو چڵکاو بۆ دەرمانیش بەرچاوناکەوێت . ئەی عیادەی دوکتۆرەکان چەند پاک و تەمیزن !! هەر حەز ئەکەی پێش فەڕاشەکە بچیت و لەوێ دانیشی ، جا ئەگەر دوکتۆر عەقڵی بڕی و هات ، ئەواچاوت پێئەکەوێ ، ئەگەر نا ئەوا لە هەزار لاوە تووشی گێرەوکێشە ئەبێت ، ئەی چۆن کاکە ، خۆکەرکووک دێیەکی گەورە نییە، شارە شار!! ڕەقابە هەیە وچاودێر هەیە ودەیان سەندیکای تیدایە !! خۆ ئەو برادەرانە نەنووستوون !! جا پاش ئەوەی ،دوکتۆر ئەفەنی پشکنیتی و زانی نەخۆشیەکەت چییە ، بە ڕێچێتەوە یان هەر ئەتوانی بێ ڕێچێتەش !! هەر خۆت وەسفی نەخۆشیەکەت بکەیت ، لەو دەرمانخانە پاک و تەمیزو مۆدێرنانە ، دەرمانی ئێکسپایەر و تۆزاوی بە چەند بیانەوێ پێت ئەفرۆشن . ئەڕێ وەڵا ڕەفەی عەتارەکان ( ببورن ) دەرمانخانەکان ئەوەندە ڕێک و پێکن هەر شووشە دەرمانە کەوتووە بەسەر ئەوی تردا ، باوەڕتان هەبێت دەرمانی ئەوەندە سەیرو سەمەرەت بەر چاو ئەکەوێت ، هەر نازانی لە کوێوە ئیستیرادی ئەکەن.

جا با بێینە سەر وەسفی پردەکانی کەرکوک ، خۆ جارێ پردی یەکەم و دووەم و شەقامی کۆرنیش هەر ئەوەندە جوان ڕازاونەتەوە ، ئاشقان حەز ئەکەن لای ئێوارن لەوشوێنە ڕۆمانسیە پێکەوە پیاسە بکەن و شنەبای نەسیمی سیحراوی و پاکی ئاوەکەی خاسە هەست وسۆزیان بجولێنێ . هەر پردێکی تازەش دروست ئەکرێ ، ئەوەندە تۆکمەو مەزبووتە تسۆنامیش نایڕوخێنێت ، فرۆشتنی تەنەرەکانیش نیوەی نرخەکانی بۆ خۆی قووتداوە .



گەر ئیشی بازاڕیشت هەبوو، ئەوا ئەتوانی لەبازاڕی حەسیرەکە وجووت قاوەخانە، هەموو پێویستیەکانت بە نرخێکی گونجاو دەست بکەوێت . وەلێ توخوا بیرت نەچێ لای قەسابەکانی ئەوێ گۆشت بکڕیت ، چونکە هەموو مواسەفاتێکی تەندروستی تیدا بە دی ئەکەیت . جل و جانتا وپێڵاو و شت و مەکی ڕازاندنەوەی ناوماڵ ، لە ناوجامخانەی شووشە دانراون ، لێ لاشەی حەیوان لە هەوای ئازاددا هەڵواسراوە، قیمە لەسەر مێزەکان دانراوە، سی و جگەر لە ناو تەشتە ئاوی ژێر مێزەکان مەلە ئەکەن ، ئەی سەروپێ بۆ ناڵێیت ؟؟ سەروپێی تازەو ناسک، لە کەنار شەقامەکان لە تەنیشت ئاوەڕۆکانەوە دانراون ( سەیری وێنەکان بکەن) . جا لەوەش خۆشتر لەبەردەم دوکانەکان ڕێک لە ناوەڕاستی بازاڕەکە ، مەڕی زیندوو ڕاگیراوە ، خۆت ئەتوانی هەڵیبژێری هەرکامەیانت ئەوێت هەر لەوێ بۆت سەرئەبڕن . جا قەیدی چییە خۆ شارەوانی وفەرمانگەی تەندرووستی چاوی پێوە نییە!!



نا...نا، شوکور بۆ خوا ، خەمخۆرەکانی کەرکووک ئەمڕۆ حکومەتن !!!! کەرکووکیەکانیش زۆر لەم بارودۆخە ڕازین ، با لەسەر دەریای نەوت خەوتبن ولەو سەرمای زستانە لە سباحی سالحانەوە تا شەشی ئێوارە لە ڕیزی نەوت و گاز بوەستن و دواییش کاکی بایع ، تەشریف دێنێ وپێیان ئەڵێ : ئەمڕۆ نایەت !! یان نەما تەواو بوو!! ئیتر چۆن تیرمۆمەتری ورەت نایەتە ژێر سیفر و باوکم وتەنی ( کفری ئەحمەد ناکەیت ) ؟؟ ئەی ڕیزی ماشێن لە بەنزینخانەکان ؟؟ نە سەرەتای دیارە و نە کۆتایی ،ئای کە کەرکووکیەکان بەختەوەرن ، لە هەموو سەردەمێکدا هەر قوربانین .



**تۆش ، ئەی خانمە هونەرمەندە ئازیزەکەی شارە بێنازەکەم ، کاتێ یارمەتییەکی منداڵە ئاوارەکانی کەرکوک ئەدەیت ، پێویست ناکات، لە دەزگاکانی ڕاگەیاندن بڵاوی بکەیتەوە و ئەو منداڵە بەستەزمانانە لە بەردەم کامیرا بوەستن و سوپاسی تۆ بکەن . ئەی نازانی ئەوە لە باری پەروەردەی دەروونیەوە ،چەند زیانبەخشە و لە دوارۆژدا ، کاریگەری لە سەر کەسایەتیان دائەنێت ؟؟تۆ ئەزانێ مەرزیەی نەمر تا ئێستاش کەس نازانێ چەند منداڵی بێسەرپەرستی بەخێو ئەکرد ؟؟؟**

